ژیان و بیری نیچە لە زاری خەیوەن.. دڵشاد کاوانی

(من چارنووسی خۆم دەزانم. ناوەکەم هەژدەک یادەوەری شکۆدارەوە دەبەستراتەوە – تەزدەک کە پێشتر لەسەر زەوی نەبینراوە، ململانێیەکی قووڵی ویژدان سەریهەڵدا بە ئەوەی کە داوا لە خەڵک دەکرا باوەڕیان پێ بکرێت، لە گوهەرەوە تا ڕادەی پیرۆز. لە هەر شوێنێک فانتازیا ببینیت، من مرۆڤایەتی دەبینم، بەڵکو سەرووی مرۆڤایەتی دەبینم!)

ئەم قسەی فەیلەسووفی یاخیبووی ئەڵمانی فریدریش نیچەیە. ئەو باوەڕەی باسی لێوە دەکرد، ئەو باوەڕە بوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەوروپای گرتەوە. نیچە یەکەم فەیلەسووف بوو درکی بەوە کرد کە بە باوەڕبوون بە خودا، جیهانێکی تەواو نوێ لە جیهانی مرۆڤدا لەدایک دەبێت و ئەم جیهانە نوێیش جیهانێکی ئازادی هەڵهایە: کە تێیدا مرۆڤ بە تەنیا تاکە پەوەرێکە بە هەموو گەردوون.

نیچە وەک کارل ماركس و ئەنیشتاین و سگمەند فرۆید یەکێکە لەو بیرمەندانەی کە لە سەدەی بیستەمدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤکان هەبووە. لەژێر کاریگەری نیچەدا حەقیقەتی هەڵها و بنەما ئەخلاقییە هەڵهاکان لەبەریەک هەڵوەشاندەوە و مرۆڤکان بە ئاسانی نەیاندەتوانی ڕاست لە هەڵە، هەڵە لە ڕاست، هەڵبژێرن.

(خودا مردووە. خودا جارێکی تر زیندووناببتەوە، چونکە ئێمە کوشتمان. ئێمە بکوژانی خودا چۆن دڵنەوایی خۆمان بدەینەوە؟ ئەو خودایە بە سنوور میهرەبان و بەهێزە کە لە گەردووندا بوونی هەبووە، لە ژێر چەقۆی ئێمە خوێنی لەدەهات تا مردن. کە خوێنی دەستمان دەسڕێتەوە؟)

ئەو ڕاستییە کە پێشتر هیچ ڕاستییەکی هەڵها نەدەزراوەتەوە، هەنگۆ بە زانایانی سەدەی بیستەم ئەمە پەژارەیەکی عەقڵانی بۆت، بەڵام نیچە پێشنگی ئەم بیرکەیبووە. (ئێستا ڕانەهاتووین و بیر نەکەینەوە کە کردەوەکانمان و چارنووسمان بە ویستی خودا دیاری دەکرێت. ئەمە چارنووسی خۆمان دروست دەکەین، هیچ شتێک پێشوەختە دیاری نەکراوە، بە پشتبەستن بە هەوە و بیارە ئازادەکانی خۆمان بوونی خۆمان دەردەبڕین بەبێ ئەوەی لە ژێر کاریگەری هەزە دەرەکییەکان بین – ئەمانەن کە پێمان وایە عەقڵانیترین شتن لە سەردەمی مەدەرن).

هەرچەندە بیرکەکانی نیچە خەڵکی بە شکۆمەندی بانگ دەکرد، بەڵام

ئەو ئازادییەی کە نیچە بە خۆشی هەنابوو، جۆرێک لە بارگرانی بوو، چونکە نیچە زۆر باش دەیزانی کە لەگەڵ مردنی خودادا ئەو شتانەی کە بە تەواوەتی بە ڕاست و پیرۆز لە لای مرۆڤکانەوە دادەنرا. بە پێکردنەوەی ئەم بۆشاییە، نیچە دەبوو کارێک بکات کە پێشتر کەس نەیکردبوو و بۆیە نیچە باجێکی زۆری بە دا. نیچە دەیویست ئەخلاقی جیهانێکی بە خودا بنیات بنێت، بۆیە ئەرکێکی بە خۆی دانا کە کەسی تر نەیتوانی جێبەجێی بکات. کەواتە وەهمە دەمارگیرەکانی نیچە بوون بە حەتمییەتی تەواو.
هەوڵە فەلسەفییە گەورە و مێژووییەکانی نیچە لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا بە شێتی کۆتایی هات. ئەم بڕپرسیارێتییە گەورەیە وەک بیرمەندێک لە کۆتاییدا نیچەی وەک مرۆڤێک لێناوبرد. ئایا لە گۆشتەکەیدا بە جیهانی نهێنی، ئایا ئەو ڕاستییە کۆتاییەی دەزیوە کە مرۆڤ دەکاتە مرۆڤ؟
"لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٨٤٤ لە شاری ساکسۆنیا لەدایک بووم و پڕۆتستانی پیرۆزم وەرگرتووە." باوکم، فریدریش ویلهێلم، پیاوانی ئایینی ئەم شارۆچکەیە بوو، نموونەیەکی تەواو بوو بە پیاوێکی لادێیی. بە سروشتی خۆی بەهرەمەند و زیندوو و میهرەبان بوو و خۆی بە هەموو فەزیلەتە جوانەکانی ئایینی مەسیحی بەخشی. "ژیانەکەی پاک و سادە بوو، بەڵام پڕ بوو لە خۆشی."
لە کاتی پڕۆتستانی نیچەدا باوکی لە بەردەوبەرەکەی پرسی: "ڕات چییە لەسەر ئەم کوڕە؟" ئۆیش لە نیچەی پرسی گەورە ببیت بە ئۆوەی کەسێکی باش بیت، یان گەورە ببیت بە ئۆوەی کەسێکی خراپ بیت. پاشان درێژە بە باسکردنی هەموو ئەو شتانە دەدات کە منداڵانی بچووک دەتوانن ووبەرووبان ببنەوە، لەوانەش گوناە و وەسوەسە و لەم کارەدا هێزی نەوان چاکە و خراپە لە دڵی نیچەی گەنجدا دەکەشت. دوای چەندین ساڵ، نیچە کتێبی "لە دەرەوەی چاکە و خراپە"ی نووسی و بە درێژایی ژیانی فەلسەفی خۆی هەوڵیدا ئەم سنوورە ووون و ڕۆهایەی نێوان چاکە و خراپە کاڵ بکاتەوە و چاکە و خراپە بۆیەکەوە ببەستێتەوە و ئەو دووانە وابەستەی هەریەکەیان بکات.
ڕەنگە نیچە بەختەوەرترین بۆشی تەمەنی لە هەموو ژیانی سەردەمی منداڵیی بووبێت، هەرچەندە خوشکەکەی دوو ساڵ دوای ئەو دا لەدایک بووە، دوای ساڵێکیتر برایەکی بچووکتر لەدایک بووە. بەڕام کارەساتێک لە ساڵی ١٨٤٧ ڕوویدا کاتێک باوکی نیچە تووشی نەخۆشی ئیفلیجی مێشکی چارەسەرنەکراو بوو. باوکی لە ساڵی ١٨٤٩ کۆچی دوایی کرد، برا بچووکەکەی دوای ساڵێک کۆچی دوایی کرد. نیچە هەمیشە وەک پاڵپشتێکی ڕۆحی چاوی لە باوکی دەکرد و ڕۆزی لە دەگرت. لەو کاتەدا نیچە ناچار بوو بە ماوەی ساڵێکی تەواو سێیری نەخۆشی باوکی بکات.

نیچە نەیتوانی بەسەریدا زاڵ بێت کە بۆچی ئەو خودایەی باوکی متمانەی پێ دەکرد و باوەڕی پێ دەکرد و خزمەتی دەکرد، بەو ئازارەی بەرگە نەگیراو سزای داوە. ئەمە ئەو فاکتەرە یەکلاکەرەوەیە بوو کە بووە هۆی ئەوەی نیچە سەرتا گومانکانی لەبارەی ئایینی مەسیحییەوە دروست بکات.
کاتێک نیچە تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو کاتێک باوک و براکەی لەدەستدا، لەگەڵ دایکی و خوشکەکەیدا ژووریان لە شارۆچکەی نۆمبرگ کرد، لەوێ بە خوێندن دەچێتە بەشناوخەیی شولففەر لە دووریی 5 میل.
ئاماژەی بەوەشکردووە: کاتێک کاتی ئەوە هات کە بچمە مانگی نۆمبەر، کەسایەتیم دەستی بە دەرکەوتن کرد. من وەک منداڵێکانی تر بەخەم و دەخەش نەبووم چونکە لە منداڵیدا خەم و پەژارەی زۆرم بەسەر بردبوو. هاوڕێکانم گاڵتەیان بە دەخی گرژ و ڕەش و ڕووتم دەکرد. هەر لە بچووکییەوە هەمیشە حەزم دەکرد تەنیا بم، کاتێکیش تەنیا دەبم، دوور لە سەرقاڵکردن و کاتێک لە دەرەوەی خەمم، هەست بە گەورەیی دەکەم".
نیچە وەک "خوێندکارێکی ماندوو، دیسپلین لە کار و ڕەفتارکانیدا، و بە چوستی و تینوێتییەوە فەرمانە ئایینییەکانی خوێندووە". لە ژیانی دواتردا نیچە خۆی بە "دژە مەسیحی" ڕاگەیاند، بەڵام ئیتر وا نەبوو. دوای تەواوکردنی ئەم قوتابخانەیە، شوێنپێی باوکی کەوت و چووە زانکۆی بۆن بە خوێندنی ئیلاهیات. بەڵام لە یەکشەممەی جۆزنی ئیستەر لە ساڵی ١٨٦٥دا، ڕەتیکردەوە لەگەڵ خۆزانەکەی بەشداری لە مەراسیمی پیرۆزی کڕیسای ناوخەیی نۆمبەرگدا بکات. لە کۆتایی ئەو ساڵەدا بە تەواوی وازی لە پیشەی ئایینی هێنا و دەستی کرد بە خوێندنی زمانەوانی و ئەدەب بە ئامانجی بوون بە زانای کلاسیکی. لە نامەیەکدا بە ئەلیزابەسی خوشکی، هەکارەکانی لادانێ کە دەنووسێت.

- ئەلیزابەسی خوشکی ئازیزم، تاکە مەبەستم لە نووسینی ئەم نامەیەدا ئەوەیە کە بۆچوونی خەمتان پێ بڵێم لە بەرامبەر باوترین بۆگەکانی ئیمانداران. هەر باوەڕێکی ڕاستەقینە بە تەواوەتی بە هەڵەیە، چونکە باوەڕ لە خەیدا گوزارشت لەوە دەکات کە باوەڕدار هیوای دڵزینەوەی هەیە، بەڵام باوەڕ هیچ ڕاستییەکی بابەتییمان بە دابین ناکات.
لەرەدایە کە ڕۆگەی مرۆڤ دەست بە دابەشبوون دەکات: ئەگەر بەدوای ئارامی و بەختەوەری دەتدا بگەڕێیت، ئەوا باوەڕ بکە؛ ئەگەر دەتەوێت بتەکی حەقیقەت بیت، ئەوا بەدوایدا بگەڕێ.

دوای ٢٠ ساڵ لە دەستبەرداربوونی نیچە لە باوەڕی، بارهەمی "دژی مەسیحییەت"ی نووسی. زەرجار بارهەمکانی بەم شێوەیە دەنووسی "لە سەر بەردی گۆڕی خودا نووسیومە". بەهەزترین هەرشی نیچە بۆ سەر ئایینی سروشتی دابەشکەر لە تەنزەکی شتەکدا هات، کە لە ساڵانی کۆتایی ژیانی نیچەدا نووسراوە، کە بە قسە سەرسوڕهێنەرەکەی "خودا مردووە" بەناوبانگە.
لە ساڵی ١٨٦٩ واتە ١٠ ساڵ دوای بەناوکردنەوەی کتێبی (دەرویین لە سەرچاوەی جوانکان)، نیچە بانگهێشت کرا بۆ پۆستی پرۆفیسۆری زمان و ئەدەب لە زانکۆی بازل. تا ئەم خاڵە بەئاستی خۆی لە سنووردارکردنی ئایینی مەسیحی ڕزگار کردبوو، بەڵام نایدەتوانی شتەکی دیکە جگەی مەسیحیەت نەگرێتەوە. نیچە پێی وابوو کە ئازارەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەک قوواڵن و ئاگەر سزای پیرۆزی خودایی نەبێت، ناتوانرێت ئازارەکانی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە. نیچە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە، ڕووی لە فەلسەفە کرد، بەڵێ لەگەڵ فەرکارییەکانی فیلۆسووفی بەدینی ئەمانی ئارسەر شۆپنهاوەردا ئاشنا بوو، هەر لەم فەرکردنەدا بوو کە نیچە وا دیار بوو تێگەیشتووە کە چۆن گەردوون بەبێ خودا دەتوانێت بوونی هەبێت و دۆنواڵیی و هیوای بە بچووکەی دۆزیوە.
دوای ئەوەی نیچە بەی دەرکەوت کە چیتر ناتوانێت باوەڕ بە خودای مەسیحییەت بکات، ئاسایی بوو فەلسەفەی شۆپنهاوەر سەرنجی ڕابکێشێت. لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی شۆپنهاوەردا جۆرێک لە ڕەشبینی و خەمۆکی و ئینکاری و بێزارکەی دونیای نەرێنی بەی دەرکەوتووە کە زەرینەی ڕەهای ژیانی مرۆڤکان زەر بەختەوەر نیە، ژیانیش زەر دەتەنگە. بە بڕوای نیچە، لە ڕگەی هەندێک ڕگەوە دەمانتوانی ئەم ڕاستییە لە خۆماندا بەدی بهێنین: "باشترە بە هیچ شێوەیەک لەدایک نەبین و ئاگەر نا، با زووتر بمرین".
بە تەواوینی شۆپنهاوەر، تاکە ڕگە بە ڕزگارکردنی خۆمان لە نەهامەتیەکانی ژیانی مرۆڤ، تەنانەت بە ماوەیەکی کورتیش بێت، لە ڕگەی هونەرەوەیە، بە تایبەتی مەسیقا. مرۆڤ لەکاتێکدا گوێ لە مەسیقا دەگرێت و بە دڵ و گیان دەچێتە ناویەوە، دەتوانێت بە ماوەیەکی کاتی دەستبەرداری ئارەزووەکانی بێت و خۆی تێپەڕێنێت. لە هەمان کاتدا نیچە پێی وابوو هیچ شتەک ناتوانێت هاوتای مەسیقای مەسیقاژەنی بەناوبانگی ڕیچارد ڤاگنەر بێت لە دەربڕینی بیرەکەکانی

شێنهاوەر لە خێدا. بەم شێوەیە نیچە بوو بە هەوادارێکی سەرسەختی ڤاگنەر و جارجارە سەردانی ڤاگنەری دەکرد.
لە هونەری نووسیندا نیچە ئۆگەری زیندووکردنەوەی ئەدەبیاتی ئۆروپی لەسەر بنەمای کارەساتی کلاسیکی یۆنانی دەبینی. کتێبی "لەدایکبوونی کارەسات"ی نیچە، زۆر ئیلهامێکی زۆری لە ڤاگنەر وەرگرتووە، و پێیوابووە کە مۆسیقای ڤاگنەر نوێنەرایەتی جیهانێکی پێش مەسیحی دەکات کە لایەن دیۆنیسۆسەوە هەما دەکرێت کە یەکێکە لە خوداوەندەکانی شەرابی یۆنانی. کولتووری دیئۆنیست پێ بوو لە زیندوویی، مۆسیقا گۆشەی کرد و نیچە زۆرجار لۆگۆ سەمادا تێکڵی دەکرد. هەروەها دیئایۆنیزم پێویست بوو بە سەرخۆشی و خۆبەزلزانین و زیادەڕەوی و ئاهەنگگێڕانەوە و بڕۆزی بە ئازار و خەم و کارەسات نادەکرد.
وەک چۆن نەخۆشی جەستەیی بە ئازار لە جەستەی خێدا لاوازی دەکرد، نیچە بەدوای چارەسەرێکی فەلسەفیدا دەگەڕا بە ئازاری بوون. نیچە هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە نەخۆش بوو و تا تەمەنی ٣٠ ساڵی بە نەخۆشیەکی بەردەوام و بەتەواوی ئێخێی دەگرێت.
ئاماژەی بەوشکردووە و دەڵێت "هەر ٢-٣ هەفتە جارێک، تا ٣٨ کاتژمێر لەسەر جێگاکەم پاڵدەکەوم – ئەوە ئشکەنجەی ئاستەقینەیە! هەنگە باشتر بم، بەڵام ئەم زستانە خراپترین زستان بووە. بەردەوام هەژ لە دوای هەژ بیرم لەوە دەکردەوە کە شتێک بە ناوی خۆشی لە ژیاندا نەماوە. من تووشی شک بووم کە ژیان چەندە قورسە".
نیچە نووسیوێتی نەخۆش، بەڵام نەیگوتووە نەخۆشیەکەی چییە. ئەو هەندە وردە نیشانەکانی نەخۆشیەکەی وەسف کرد کە خوێنەری سادە و ساکارەکان نەیاندەزانی کە نیچە بەڵاستی باسی چی دەکات. لە ساڵی ١٨٧٨ لە کاتی کردنەوەی شانەی ڤاگنەر لە بایرۆ، نیچە دوای ئەکتی یەک شانەی بەجێهێشت، چونکە لەناکاو بە هەی نەخۆشیەکەی کە کەس نەیدەزانی چییەتی نیچە کەوتە خوارەوە. کاتێ مۆسیقای ڤاگنەر دەستی کرد بە وەرگرتنی تۆنێکی ناسیۆنالیستی، پێیوەندی نیچە لەگەڵ ڤاگنەر ساردبوونەوە بەخۆوە دەبینێت. لە شانەکەدا، نیچە دیسانەوە لە مۆسیقای ڤاگنەر بەزار بووەوە و ئەم جارە بەزاریەکاریگەری لەسەر دەروونی گرت و دواتر کاردەکاتە سەر جەستەی: هەستی بە سکچوون دەکرد، شانەوە، ناتوانێت دابنیشێت و شانەکە بەجێ دەهێڵێت. ڤاگنەری هاوڕێشی نەیتوانی لەم شتە

لەی خۆش بێت. هەیشتنی نیچە لە شانۆگەدا کەتایی بە پەیوەندی نێوان ئەو دووانە هێنا.
تەندروستی نیچە خەریک بوو شکستی دەخوارد، چیتر نەیدەتوانی لە هۆگەی بیرکە فەلسەفییەکانییەوە مامەڵە لەگەڵ ژیان و کێشەکانیدا بکات و چارەسەری شێنهاوەر و ڤاگنەر بە ڕزگاربوونێکی کاتی لە ئازار لە هۆگەی مەسیقاوە ئیدی کاری لە نیچە نەدەکرد.

- لە نزمترین خاڵی ژیانمدا، هەر لەم خاڵەدا، خەمم لە خەمەکی دەرهێنا. غەریزەی بایەلۆژی زگماکیم بە خۆپاراستن، لە فەلسەفەی نائومێدی و هەژارییە سنووردار کرد. وا دیار بوو ژیانی خەم لە نەخشی درۆژخایەن بەو هەژاری و نائومێدییە تەدەپەڕنم.
ژیانێکی نوێم دەزیوە، خودێکی نوێم دەزیوە. ئیرادەی خەم لەسەر تەندروستی و ژیان دادەنێم؛ ڕووم کردە فەلسەفەیەکی لەو جۆرە – ئیرادەی دەسەڵات".
بە بۆای نیچە گەورەترین زیانی ئایینی مەسیحی دەرکردنی جەستەی مرۆڤ بوو لە کولتوور. لە هۆانگەی ئەوەوە وا دیار بوو تەواوی فەلسەفەی جادووگەری لە جەستەی مرۆڤ بە هۆی تێگەیشتبووە، کە سروشتی فیزیکیمان و سروشتی ڕۆحیمان لە کەتاییدا پەیوەستە بەوەوە کە چۆن بیرمان لە دەکردەوە. هۆنگە لەم خاڵەدا چەمکی ("ئیرادە بە دەسەڵات") ڕوون بکرێتەوە. بەچوونەکانی ڕاستەوخۆ تیەری دەروونی فرۆیدیان لە قاڵب دا.
فەلسەفەی نوێی نیچە بووە هەی ئەوەی کە کارەکەی بە "مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی – کتێبێک بە ڕۆحی ئازاد" ناسراوە. کتێبەکە لە لادەکانی شاخی سویسرا نووسراوە، بەرهەمێکی فەلسەفی و هەروەها دەروونناسی بووە. ئەوە یەکەم لێدوانی گەورەی نیچە بوو سەبارەت بە بیرکەی تاکایەتی، داوای لە مرۆڤکان دەکرد سەربەخۆ بیر لە خۆیان بکەنەوە. ئەم کارەی لە ماوەی پیاسە کورتە پشوودانەکانیدا تەواو کردووە، بەم جۆرە بەردەوام بووە تا لە کەتایی ژیانیدا بەدەست دەمارگیرییەوە کەوتووە.
"بەم شێوەیە بە درۆژایی هۆگەی حیکمەت، بە هەنگاوێکی دڵگرەوە و ئیمانێکی دەسزانەوە بەرەو پێشەوە هۆیشتم."
بە هەموو شێوەیەک سەرچاوەی ئەزموونەکانی خۆت بە، و واز لە کوفرە سروشتییەکانی خۆت بهێنە. لە خۆت خۆشبە. هەزەک لە سروشتەکەتدا هەیە کە دەتوانیت هەموو ئەو شتانەی کە

بەسەرتدا تێپەڕیون، هەنگاوی هەڵە، هەڵە، وەهم، وروژاندن، خۆشەویستی، هیواکان بخەیتە ناو ئامانجەکانی ئێستای ژیانتەوە.
نیچە خەی لە کەسا و بیرکەی کەنی نەریتی خەڵکی دەوروبەری ڕزگار کرد. بە ئەو "کەحی ئازاد" بە واتای "هەبوونی ئیرادە، توانای ئەنجامدانی، بوونی بیرکردنەوە لە شتی نوە، پرسیارکردن لە بەچوونەکانی خەی، دەزینەوەی ڕێگەی خەی بە ئازادی". دوای تەواوکردنی "مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی"، نیچە خەی فەدایە ناو سروشتەکی فراوان. دەیزانی ئەو کتێبەی نووسیویەتی مشتومەکی زۆری لە دەکەوێتەوە، هەروەها بەهەی بیرکەکانییەوە چەندین ناسیاو و هاوڕێی لەدەست دەدات. لەکاستیدا تەنانەت واگنا توانی کتێبەکە وەک دەرکەوتەی ناسەقامگیری دەروونی نیچە ببینێت. کەواتە، نیچە بەڕاستی تەنیا بوو. هەستی دەکرد وەک ئەوەی پاڕەوانەکی موعجیزەئامێز بێت و بەرەو لوتکە نەبینراوەکانی تاکە شاخەکان سەردەکەوێت، بە ناو خاکە نوێیەکان، هەنگاو دەنێت.
دوای ساڵەک لە بەاوبوونەوەی کتێبی مرۆڤایەتی، سەرووی مرۆڤایەتی، نیچە بەهەی نەخشییەوە دەستی لە پێستی پرۆفیسەری زانکەی بازل کەشایەوە و ڕووی لە دێی بەرزاییەکانی ئەلپەکانی سویسرا کرد و هەموو ساڵەک هاوین و زستانەک لەوێ بە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو بەسەر دەبرد. نزیک بوو بچێتە فەرەنسا، یان ئیتاڵیا، چونکە دەبوو خەی لەگەڵ گەڵانی کەشوهەوا بگونجێنێت بە تەندروستی خەی. لەم نوێندەدا بە خانەنشینییەکەمکەی دەژیا. ئەو حەزی لە فەنکایی هاوین بوو، حەزی لە هەوای پاک بوو، وای دەزانی بیرکردنەوەکانی ڕوون و تیژ دەبێت. لە نێو شاخەکاندا ئەو شتەی دەزیەوە کە بەدوایدا دەگەڕا – ڕەقبوونەک کە کاریگەری هەستەکانی مرۆڤی لەسەر نەبوو. لە دیمەنی ئەو شاخانەدا ڕەحی مرۆڤ شتەکی بە بایەخ بوو.

- ئەو فەلسەفەیەی کە تا ئێستا لەی تێگەیشتم، ئەوەیە کە بە تەنیا لە نێوان سەهۆبەندان و شاخەکانی بەرزدا بژیم؛ هەر شتەکی سەیر و جێی پرسیار، یان کەوتەتە ژێر سنووردارکردنی ئەخلاقی لە بووندا، نادەزرێتەوە.

سەهۆڕەکە نزیکە و تەنیایی بەکەتایە. لە ژێر ڕووناکیدا هەموو شتەکان ئەوەندە هەمن بوون، هەناسە ئەوەندە ئازاد بوو، مرۆڤ چەندە بیرەت هەستی دەکرد لەناو خەیدا نقووم دەبێت.

لە ساڵی ١٨٨٢ لە کاتی سەفەرکردنی لە ئیتالیا، نیچە تاکە کچکی لە ژیانیدا ناسی کە شایەنی خۆشەویستی بوو. کچەکە ناوی لو سالۆمی بوو، خوێندکارێکی نایاب بوو کە تەمەنی تەنها ٢٠ ساڵ بوو. نیچە ئەم کچەی بە "ئازا وەک هێز، ئازا وەک شەر" وەسف کردووە. کچەکە لایەن دەروونناس پۆڵ ڕەی بە نیچە ناسێندرا و لەو ساتەدا ئەو سێ کەسە پێکەوە وەک تیمێکی جیانەبووەوە گشتکی ئیتالیایان کرد و وەک ئەوەی ڕۆحی ئازاد بن، دەژیان. دواجار نیچە پێشنیاری هاوسەرگیری بە سالمی کرد، بەڵام سالمی نەیویست هاوسەرگیری لەگەڵ نیچە بکات، لە ڕاستیدا سالمی نەیدەویست هاوسەرگیری لەگەڵ کەس بکات.

دوای ماوەیەک سالمی و پۆڵ ڕەی بە تەنیا ون بوون و دیارنەمان، بەیە نیچە زانی وازی لە هەنراوە. تووڕەیی ئەو هەڵگیرسا و لە نامەیەکدا بە کەسانی دیکە، نیچە دەڵێت: ڕقم لە بەشکانی خەم بوو. دەبێت ئەو ژیانە بچووکەی کە ماوە، یەک قووت بە یەک قووت بخەم و هەندەکجاریش لە قوڵگمدا گیر دەبێت. ئەم هاوینە ئەوەندە تووشی ئازار و ئێشکەنجە بووم کە شێت بم. هەرچەندە بە هەموو توانامەوە هەوڵمدەدم خەم بگرم، بەڵام ئەگەر موعجیزەیەک ڕوونەدات و بتوانم چەقۆیەک بکەم بە زگم، ئەوا تەواو بووم.

بەڵام موعجیزەیەک ڕوویدا و تەزەکە بوو بە زگ و ئەم زگەش کتێبی "زەرە ئەستێر بەم شێوەیە دەڵێت" بوو. کتێبەکە دەست پێ دەکات:

کاتێک زەرە ئەستێر تەمەنی سی ساڵ بوو، زەدی خۆی و دەریاچەی زەدی خۆی بەجێهێشت و هاتە شاخ. لەڕەدا ١٠ ساڵ بە ئارامی و بەدەنگی بەسەر برد. بەڵام دواجار گیانی دڵی بەسەردا هات. بڕیارێکی کە ئاسە تازە دەستی بە درەوشاوەیی دەکرد، هەستا و لەگەڵ خۆر قسەی کرد:

ئەی ئەستێرەی گەورە! خۆشبەختی تە چی دەبوو ئەگەر ئەوانەی بەسەرتدا دەدرەوشێنەوە نەبوایە!

دە ساڵە هەموو ڕۆژێک دێیتە ئێشکەوتەکەم ئەگەر من و هێلە مارەکانم نەبوایە، لە گەڕەپ و چراکانت بێزار دەبووین.

بەڵام هەموو بڕیارێکی چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە تیشکی درەوشاوەی دەت هەڵبمژی، گەرانی دەڵێین و چێژ وەردەگرین.

ئەش! وەک هەنگوێنێکی زەر کەدەکاتەوە، لە پاشماوەی خەم بێزارم و دەستە تینووەکان دەستم بە درۆ دەکەن.

زەرە ئەستێر سێ سایس کتێبێکی تاکە کەسە. ئەم خاڵە لە کارەکتەری زەرە ئەستێریش لە کتێبەکەدا دەبینرێت. کاتێک زەرە ئەستێر لە شاخە تاقانەکەیەوە دادەبەزێت بۆ کەرکردنەوەی میر، بۆی دەردەکەوێت کە خەڵکەکە گوێی لە ناگرن. ناتوانێت بینەرێکی گونجاو بۆ خۆی بدۆزێتەوە و هەشتا کەسێکی تێنیایە. بۆ واتایەکی تر مەبەست لە فیلمی So Says ی زەرە ئەستێر تایپکردنی پرسەی دەزینەوەی بینەری گونجاوی زەرە ئەستێرە، لەنەویاندا نیچە. هەروەها لە پرسەکەدا زەرە ئەستێر بۆی دەردەکەوێت کە بەڕاستی ئەرکەکەی چییە.

- زەرە ئەستێر هاتە شارچکەیەکی بچووک لە لەواری دارستانەکە. خەڵکەکەی زۆر لە بازاڕەکەدا کەبوونەوە. چونکە کەسێک گوتبووی دەروازەوانەکان نمایشێک دەکەن. زەرە ئەستێر بە ڕای گشتی گوت: "

هاتووم بانگەوازتان بۆ بکەم سەبارەت بە بوون بە پیرەز. مرۆڤ دەبێت لە خۆی تێپەڕێت. ئایا ئێوە هەوڵتان داوە لە مرۆڤایەتی تێپەڕن؟"

نیچە دیدگایەکی ئایدیالیزەکراوی خۆی بە تێپەڕاندنی خۆ پێشنیار کرد، کە ناوی لێنا "مرۆڤی باڵا". بە ئاوڕی ئەم "سوپەرمرۆڤە" خۆی تێپەڕاندنت، پێویستی بە تێپەڕاندنی جیهانی میتافیزیکی لە دەرەوەی مرۆڤایەتی نەبوو، بەڵکو ئەو جۆرە تێپەڕاندنە خۆبەزاندنی مرۆڤایەتی بوو لە چوارچێوەی ئۆگەرکانی خۆیدا. بەڕاستی ئەمە چەمکێکی پارادۆکسیکە، بەڕاستی ئاوڕ ئاوایە کە نیچە بانگمان دەکات بۆ ئاوڕی لەبەرچاو بگرین: ئەمە وەک مرۆڤ چۆن خۆمان تێدەپەڕنین؟

ئەم چەمکە لە "سوپەرمان" لە سەردەمی خۆباتی نیچە بۆ زاڵبوون بەسەر خۆدا سەریهەڵدا. بۆ بۆوای نیچە مرۆڤایەتی ئەرکی ئاوڕی لەسەر بوو کە دەخی ئەستای خۆی تێپەڕێنت. "سوپەرمان" بۆ واتای "سەرکەوتن" دێت و ئاوڕ پرسەی دەزینەوەی ڕەگەی کەسانی بۆ خودا بوو لە جیهانێکی ڕەها ئازاددا بۆ خود.

لە دەی خۆیدا گوتی: "من پیادەڕۆ و شاخەوانم و حەزم لە دەشتەکان نییە". پێدەچێت نەتوانم بۆ ماوەیەکی زۆر هەمن دابنیشم.

بارودۆخەکە هەرچییەک بێت، سەرگەردان و سەرکەوتن پێویستە. بەڕام، هەرچەندە مرۆڤ بۆ سەختی بگەڕێت، دواشت کە مرۆڤ تووشی دۆبێت خۆیەتی.

چانسەکانم نەماون. ئاوڕی بەسەرمدا دێت خەمی من نییە!

دوای "خەم" زەر سەرگەردانی و تاقیکردنەوەی ئیمپریالیزم، گەلەمەو ماڵەوە.
هەروەها دەزانم کە ئێستا لەسەر دوا لوتکە وەستاوم، ئەو لووتکەی کە لە سەرەتای زەمانەوە بانگم کراوە. ئای دەبە سەرکەوم بەسەر سەختترین ڕێگەی شاخ کە هی خەمە! ئاه، تەنیاترین سەرگەردانی کە دەستم پێکردووە!
بەڵام کەسانی وەک من ناتوانن لەم جۆرە ساتانە ڕزگاریان بێت. ئەم ساتە پێی دەڵێت:
ئێستا لە ڕێگەی گۆڕەیی! لوتکە و دەڤ، باش و خراپ، ئەمانە تێکەڵ بوون".
دوای تێپەڕاندنی چاکە و خراپە، ئەو شتە بە بایەخانەی کە مرۆڤایەتی بە ماوەیەکی کاتی پێیان سەرقاڵ بووە، هەستکانی ژیانی خێی لە ئامانجە فەلسەفییەکانی خێدا تێکەڵ کرد. بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەنیایی ڕۆهادا دەژیا، وازی لە هەموو پەیوەندییە مرۆییەکان هێنا بە جیهانی خەیاڵی خێی. فەلسەفە بوو بە تاکە دڵنەوایی بە ژیانی نائومێد و قەناعەتی قووڵ.
"عەقیدەی من ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە ناو کەسانی هاوبیر و هاو ئیرادەدا دەتوانێت گەشە بکات." من شەریکەکی وام نییە. ئەمە نەخشی منە".
تەنانەت نیچەش بەرگەی ئەو تەنیاییە لە ئادەبەدەرە نەدەگرت، بۆیە لە هاوینی ساڵی ١٨٨٨دا لە بەرزاییەکانی ئەلپ سویسرایەوە ڕووی لە شاری تۆرین لە ئیتاڵیا کرد. دوای ئەوەی مرۆڤایەتی لە ئابردووی خێی ڕزگار کرد، ئێستا نیچە ئەرکی دیاریکردنی داهاتووی مرۆڤایەتی پێ سپێردرا. دەستی کرد بە دامەزراندنی بۆها ئەخلاقییەکان بە کۆمەڵگەیەک کە خودا تێیدا نەمابوو، ستاندارێکی ئەخلاقی نوێ کە بە تەواوی لە فەرکاریەکانی ئەخلاقی مەسیحی تێپەڕاند کە بریتین لە خۆبەدەستەوەدان و بەزەیی و گرنگیدان بە کەسانی دیکە. نیچە ئەمەی بە "بە نرخاندنەوە بە هەموو بۆهاکان" ناوبرد.

- چاکە چییە؟ هەر شتێک کە هەستی دەسەڵات و دەسەڵات بەهێز بکات، واتە ئیرادەی دەسەڵات، خودی دەسەڵات؛ خراپە چییە؟ هەر شتێک کە لە لاوازییەوە لەدایک بووبێت؛ چی لە هەموو گوناهێک زیانی زیاترە؟ هاوسۆزی بە هەموو شکست و هەموو لاوازییەک، واتە مەسیحیەت. ئایینی مەسیحی ئایینی بەزەیی و کاتێک بەزەییدار دەبین دەسەڵاتمان لەدەست دەدەین".

تەواوی ئەرکی نیچە داشتنی سیستەمێکی ئەخلاقی نوێ بوو. بەڵام تێگەیشت کە کاتێکی تەواو دەبێت، دەیزانی کە ڕۆژێک

دەت دەمرەت، هەروەک چۆن مرۆڤ ئاسایی‌کانی تر. تادەت توانای هووبووونەوەی نەخشی‌کەی زیاتر بوو. نیچە پیاوێک بوو کە لە تەمەنی گەنجیدا کچی دوایی کرد و زەربەی ژیانی بە مردن بەسەر برد. بۆیە نوقم بوو لە نائومێدی و خەمۆکیدا. زەرجار مێیلی ئەوەی هەبوو کە خۆی لەگەڵ مردنی ئەو کولتوورە مەسیحییەدا تێکەڵ بکات کە باسی دەکرد و ئەو دووانە لە تەمەنێکی زۆر سەیردا کەبوونەتەوە. بەم شێوەیە لە دوایین کتێبی خۆیدا بە ناوی (سێبەری پیاوێک)دا، هەموو ژیانی داهێنرانەی خۆی وەک سیستەمێک وەبیرهێنایەوە کە هەموو بەهاکانی هەڵسەنگاندەوە. بەڵام ڕەشبینی و خەمۆکی نیچە لە ڕاستیدا ڕەگەز بوو لە پێکهێنانی سیستەمێکی لەو شێوەیە. لە کۆتاییدا نیچە سیستەمێکی نوێی بە لەناوبردنی کۆن دروست نەکرد.
"هەڵسەنگاندنەوە بە هەموو بەهاکان- ئەمە فەرمولێی پێداچوونەوەی کۆتایی منە بە مرۆڤایەتی.
دەبێ یەکەم مرۆڤی ڕاوروس بم." ئەوە چارنووسی منە".
نیچە بە ئەرکی خۆی دەزانی کە بنەمایەکی ئەخلاقی بە سەردەمێکی بە خودایی پیرۆز دابمەزرێنێت؛ بیرۆکە و لۆژیک و گریمانەکانی مژووی خستە ژێر پرسیارەوە و ڕاستی دەکرد. بەڵام کاتێک کەشفکە لە شکاندنەوە بە چاککردنەوە زیاتر، ئەم ئەرکە مەحاڵ بوو. بەڵاستی بیرکردنەوەکانی بەڵاستی تیژ بوو، بەڵام بیرکردنەوە تیژەکەی دەستی پێکرد بە ڕەگەزێکی مەترسیداردا. نیچە مرۆڤی وەک حاڵەتێکی ئینتقالی لە نێوان ئاژەڵ و سەرووی مرۆڤدا دەبینی. ئەو پرسیارەی کە کردبووی ئەوە بوو: ئاژەڵگەرایی هێندە ڕەگ و ڕیشەی لە سروشتەکەتدا داکوتاوە، ئەوا تا چەند دەتوانیت لە مرۆڤی باڵا نزیک بیت لەگەڵ ئەم سروشتەدا؟
نیچە لە مانگی یەکی ساڵی ١٨٨٩دا لە شۆقامەکانی شاری تۆرینداعەرەبانەسازێکی بینی کە قامچی لە ئەسپێک دەدا کە بەهەی ئازار و هاوسۆزی بە ئەسپەکە کوتە خوارەوە. نیچە تێک شکا. نیچە بە درۆژایی ژیانی فەلسەفی خۆی بەرهەنگاری بۆزیی و هاوسۆزی ددانەکان بووەوە وەک لاوازی؛ بەڵام لە چەند ئاماژەیەکی کۆتاییدا بە جیهان، بۆزیی و هاوسۆزی خۆی دەربڕی کە بارودۆخی ژیانی هاوبەشی ئاژەڵان و مرۆڤەکان چەندە بەدبەخت و ستەمکارانە. دوا کردەوەی نیچە پێش تێکچوونی دەماغەکانی تووشی شێت بوون هات، ئەوە ڕوون بووەوە کە ئەو پیرۆزکی سەرووی مرۆڤ نییە، بەڵکو مرۆڤێکی سادە و

پێ لێ لاوازی مرۆڤ.
دوای ئەوەی نیچە بەهۆش بوو، دەستبەجێ نیچە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ ئەڵمانیا، دایکی زستانی لەوێ بەسەر برد. پزیشکەکان بە فەرمی نیچەیان بە "شێت" دەستنیشان کرد. لەو کاتەوە ئەلیزابەسی خوشکی ئاگاداری بوو. نیچە دوای ئەوەی بە ماوەی ١٢ ساڵی تر لە حاڵەتێکی شێتیدا ژیاوە، لە ساڵی ١٩٠٠ بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوەکان
ئیینگیلزیی.
Thus Spoke Zarathustra: A Book for Everyone and No One (Penguin Classics) Paperback – November 30, 1961
The Birth of Tragedy Paperback – January 13, 2018 by Friedrich Nietzsche (Author) out of 5 stars 121 ratings
Beyond Good and Evil Paperback Friedrich Nietzsche – November 6, 2018

ڕۆڵی فاکتەری مادی لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا!.. سابیر م

بە تێگەیشتن لە گەڵانکاری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤ ، لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ، پەوسیتە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بنەما ئابوریانەی کە ژیانی مرۆڤکان و کۆمەڵگای پێوە بەستراوەتەوە.
چونکە پێ بەپێی گۆڕانکاری هەیکانی بەرهەمهێنان ، پەیوەندیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیش گەڵانکاریان بەسەردا دێت .
وە بەم شێوەیە شانبەشانی ئەم هەڵومەرجە تواوی فاکتەرە سەرکیەکانی یاخود کارگردە لاوەکی و بنەڕەتیەکانی ژیانی

کۆمەڵایەتی مرۆڤکان ئاگادرن .
تەکنۆلۆژیای میتافیزیکی و ئایینیانەی لە چەشنی ئەوەی کە مرۆڤ تەنها بە (ڕوح) یان هەست و سۆز ئاژی ، تەکنۆلۆژیای تاک لایەنەو دوورە لە بنەمای زانستی و تەنانەت واقیعی ژیانی خودی مرۆڤکان.
چونکە ئاگادار گریمان ئەم تەکنۆلۆژیا ەیە ، ئەی کەواتە ئەی هەڵوێستی هەڵگر و هەیکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا چیە لەسەر ژیانی مرۆڤکان ؟
لەکاتێکدا کە ساویلکەترین و نەخوێندەوارترین مرۆڤی سەر ئەم زەمینە ئەوە ئاژانەت ، کە کۆمەڵگا دابەشبووە بەسەر دوو چینداڕ، چینێک هایلایف ئاژی و چینەکیش تەنها لەسەر ڕەنجی شانی خۆی نەبەت و ئاگادار کارنەکات ناتوانێ بژی .
ئەوەی شایانی باسە جار بەجار لەگەڵ پەیدابوون و گەشەی سەرمایەداری و جیهانی نیۆلیبەرالیزم و هەڵپەی خێرا بە کۆکەی سەرمایەو و ڕاکردنیان بەشوێن جیهانی دیگیتالیزم و زانستی ڕەبەت ، تەواوی پەیوەندیەکانی مرۆڤ و هەست و نەستی ڕاستەقینەیانی لەباربردووەو ئەیانمرێنەت ، هەروەها زیادبوونی ئاژەڵی نامۆبوون و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ جیهانێکی ئیفترازی (نا واقیعی) و ڕیاکاری و وەگوێندان بە کۆسایەتی و حەیسیەتی دروستی مرۆڤانەی خۆیان ، وە خۆچەماندنەوەو وە تەمەڵوقیان بە ئەو کۆسایەتی و هەزانەی کە بەرژەوەندیەک و دەستکەوتێکی مادیان لێوەرئاگرن ، واتە تەواوی هەڵسوکەوت و هەڵوێست و هەست و سۆزو عاتیفەو خۆشەویستی مرۆڤکان بگۆڕێ قازانج و بەرژەوەندیە مادیەکانی خۆیان ، ئەباتە پشتەوەو هەرچی چێنک بەت لەگەڵ نیازەکانی خۆیدا ئەیانگونجێنەت.
هەربۆیە لە لەکدانەوەیەکی زانستیانەی بلیخانەفدا لە کتێبی (ئەی فاکتەری ئابووری لە مێژوودا) ، باس لە ئەی ئەم فاکتەرە ئابووریە ئەکات لە کۆمەگای چینایەتیدا ، بەتایبەت لە ئەستای گەشەپێزبوونی سەرمایەدا ، باس لەوە ئەکات کە چۆن فاکتەری مادی کارکردی خۆی لەسەر هەست و نەست و مەشاعیری کەسەکان داناوە.
لەوەدا بلەخانەفی بلیمەتانە بڕاوردێک لە نێوان دوو دایکدا ئەکات ، لەناو ئەم کۆمەگای چیانیەتی و سەرمایەداریەدا ؛
سەرەتا باس لە جۆری لاوانندنەوەو شین و گریان وا وەیلای بەوە ژنێکی بەتەمەن و هەژار ئەکات لە گوندێکدا ، کاتێک کە لەسەر تەرمی کوڕە تاقانەکەیدا شین و واوەیلا ئەکات ، وە چۆن وە بە چ جۆرێک شین و واوەیلاکەی بەدەم گریانەوە بە سەر تەرمی کوڕەکەیدا هەڵئەدات ، کە بەم شێوەیە ئەڵاڵەتەوەو گوزارش لە خەمی ژیانی خۆی ئەکات کە ئیتر چی بەسەر دێت دوای مردنی کوڕەکەی ؟

(" بەدەم گریانەوە ئەپرسێت ، کە کێ ئەتوانێت چاودێری و خزمەتی من بکات بەم بکەسیە ؟!
ئیتر ئەو کاتە بە خەم هەر ئەبم بە ژنە سواکەرەکی هەژاری بەدرەتان و هیچیتر !
کە لە سەرمای پایزو زستاندا بە هانامەوە دێت و فریام ئەکەوێت ، وە داری سووتانم بۆ دێنێت وە وردیشیان بکات بەم ؟
وەکە ئەچێت بۆ ئاو شکارو پەیداکردنی بژێوی ژیانم و کاروشکەکی کەوی بنەتەوە ؟
ئای کاسیانۆقنای داماو ، تۆواو کوڵەکشت مرد ، وە تفەنگی کوڵەکشت بە هەڵواسراوی مایەوە، بە خەی ژەنگ ئەیخوات ! ") (١)
بەڵام ئەگەر بەراووردی شین و گریان و وایلای دووەماندەکان بکەین، سەیر ئەکەیت فاکتەرە ئابووریەکان کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان هەیە لەسەر ژیان و هەست و نەستی و خۆشەویستی وە خۆشی و ناخۆشی ئەوانیش ، با بزانین ژنە دووەماندەک چۆن گوزارش لە ماتەمینی و ناخۆشیەکانی خەی ئەکات و لەکاتی شین و گریان واویلای مردنی مناڵەکەی چۆن ئەڵاڵەتەوە وە ئەڵێ
(" ئەی گیانەکەم ، ئای چەندین ئەوارەو شەوانی خەش و دڵەفڕن بەسەر بردووە لەگەڵ مناڵەکانمدا و ئەوکاتانەی کە هەموویان بەدەورمەوە لە نزیکی دایکیان لەسەر باوەش و ڕانم پاڕئەکەوتن و لەو کاتانەدا کاتی خەم بە بیرکردنەوە لەکەینەوە لەسەر زمان و ڕەزمان و مەژووو بەسەر ئەبرد ، وە هەندەکیش لە دەستەکانمان لەولاوە لە سووچی لای زەپاکەوە بایەکەوە دەمەتەقێیان بوو !
بەداخەوە
ئەو کاتە ئەو ژیانە خەشەم بەکەم ئەگرت !
بەڵام ئەوەتا دەستی ستەمی ڕۆژگار کچەکەی لەسەندم !
ئای چ جەرگ سووتانێکە ، خوا سەبووریم بدات !
تەنانەت خەشیم لەهەچ شتەک نە ئەبینی ئەو ساتە وەختانەی کە ئەمبینی دڵی ناخۆش، تەنانەت پەست و دڵگران و تووشی خەمەکی ئەبووم ، تەنانەت خەشیم لە هیچ شتەک نەئەبینی ئەو ساتە وەختانەی کە جەم ئەهەشت و ئەچووم بە ئاهەنگە خۆشکانی هەڵپەڕکە و سەماکردن ، لەو کاتەدا کە لەناو نیگای چاوکانیدا خەم و پەژارەم بەدی بکردایە . " «٢٧») (٢)
ئەم بەراورد کردنەی جۆرج بلەخانەف بە هەست و نەستی ئەو دوو دایکە ، بە واتای ئەوە نایەت کە دووەمەنەکان مناڵەکانیان خۆشتر ئەوێت ، بەڵکە بەو مانایەیە کە هەست و سۆزە هەریەکەیان بەجۆرێک نمایش لە ژیان و گوزەرانی خەی ئەکات و ڕەنگدانەوەی ووردەکاری بنەمای بژێوی ئەوانە ، هەروەک چۆن لە شیوەنی دایکە هەژارەکەدا ئەبینرێت

کە ژیانی وە مانەوەی بەند بووە بە کۆمەکیەوە ، بەڵام لە شیوەنی دایکە دەمەنکەدا ئەوەمان بۆ ئاخاتەوە کە وردەکاری ژیان ئەو چەند خۆش بووە ، مردنی کچەکەی ئەو یادەوەریە خۆشانەی وەبیرئەهێنەتەوە کە لەکاتی خۆیدا وە لە سەروەختی ژیانی کچەکەیدا تیایدا ژیاوە .

هەربۆیە .
کاتێک کە هەریەکەکمان لەوە تێبگات کە سەرچاوەی بەرخورد و ڕەفتاری مرۆڤەکان لە کۆتایی سەرچاوە ئاگرەت ، وە لەبەر چ هۆیەک بێ شێوەیەهەسوکەوت و ڕەفتار ئەکات ، ئەو کاتە کێشەیەکی گەورەمان لە لێکدانەوەی چۆنیەتی ئەو پەیوەندیە کەمەایەتیانەدا نامێنێت ، وە بگرە نزیکترمان ئەکاتەوە لە بنەماکانی ژیانی مرۆڤەکان و چۆن کەمەگا دابەشبووە بەسەر بە دوو چینی کەمەایەتی ، وە هەنگاوێک نزیکترمان ئەکاتەوە لە کۆتایی هێنان بەم پەیوەندیە ساختەکاریەکانی کەمەگای سەرمایەداری وە خەبات و تێکۆشانی پێویست بۆ ژێرەو ژوور کردنی کەمەایەتیە چینایەتیە و بەرژەوەندیە ئابووریانەی ئەم جیهانە ، وە بنیاتنانی (جیهانێکی نوێ وە دنیایەکی نوێ) کە هیچ بەرژەوەندیەکی چینایەتی تێدا نەبێت
. ،
لە کۆتاییدا چەند ووشەیەک لەسەر بلیخانەف بڵێم ، ئەویش ئەوەیە ؛ کە بلیخانەف ئاستە لە کۆتاییەکانی ژیانی سیاسی خۆیدا چووە بەرەی مەنشەفیکەکان و دژ بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر وە درێژەپێدانی وەستایەوە وە ووتی(نە ئەبوو دەستمان بدایەتە چەک)! کە بەم هەڵوەستەشی چووە ناو بەرەی (دژە شۆڕش) ، بەڵام ئەوەمان بیر نەچێتەوە کە خودی بلیخانەف دامەزرێنەرو گەشەپێدەری ڕووتی مارکسیزم بووە لە ڕووسیادا و بلیمەتێکی بەهۆنەی نواندووە لە سەرخستن و زیندووەاگرتنی بیروبۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلز ، وە ماموستای خودی لێنینیش بووە ، وە ئەو نووسیانەی تا ئەو کاتە ساتەی کە نەچووبۆ ڕیزی بەرەی دژە شۆڕشەوە ، وەک هەر یەکێک لە ئوروستەکراتەکانی تری ڕووسیا ، بە گرنگترین و بەسووترین سەرچاوەکانی ماکسیزم و ماتێریالیزمی دیالەکتیک و مێژوو دائەنرێن ، وە زۆر بلیمەتانە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلزی نێک بە ڕووسیا بگرە بە گشت پڕۆلیتاریای جیهان شیکردەتەوەو داکۆکی لێکردووە !
ئومێدەوارم هەر تێکۆشەرێکی سیاسی کە سەرقاڵی ڕووخاندنی سەرمایەداری وە تێگەیشتن لە ماتریالیزمی دیالەکتیک وە میتۆدی شۆڕشگێڕانەی مارکس و ئەنگلز ، تەواوی ئەو کتێبە کۆنانەی بلیخانەف بخوێنێتەوە ، چەندێک کە بەمان بکرێت ، بەبێ ئاگاداربوون

و خوێندنەوەی ئەم لێکدانەوانەی بلێخانەف بەشایەکی گەورەو پایەیەکی سەرەکی مەعریفی و زانستی لەم ناوچانەدا سەبارەت بە تێگەیشتن و شیکردنەوەی باسەکانی خودی مارکس و ئینگلز و تەنانەت مارکسیزم وەتا ئەو کاتەش وەک بەشێفیکەک خەباتی کردووە شانبەشانی لینین ، ئەم بەشایە بەبێ ئەم شیکارە مەعریفیانەی بلێخانەف پێ نابێتەوە .

سابیر م.
٢٠٢٤ / ٨ / ٩
-_____

(١) لە کتێبی (ئەرشیفی فاکتەری ئابووری لە مێژوودا) بلیخانەف ، ل. ١٦٠-١٦١ ، وەرم گێڕاوەتە سەر کوردی
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو .ل.١٦١
[٢٧» [فیکتەر هەگۆ : " التأملات " – (تێڕامانەکان) . دەقە فەرەنسیەکە .
یان ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ وەرگێڕانەکانی نووسینەکانی بلیخانەف کە کردوومانە : ("هونەر و تێوانینی مادیانە بۆ مێژوو ")]

کتێبێک لە بارەی بزووتنەوەی وانگۆ چاپ و بڵاوکراوەوە

کتێبێکی دیکەی سەدیق سەعید هەواندزی بە ناوی (وانگۆ ناوێکی زێڕین لە سەردەمێکی زێڕیندا) چاپ و بڵاوکراوەوە. ئەم کتێبە، لە بنەڕەتدا وەڵامە بە کتێبێکی (عەبدوڵا عەباس) کە چەند مانگێك لەمەو بەربڵاوکراوەوە و تیایدا بزووتنەوەی وانگۆی بە ناوی زل و دڵی وەران ناو بردبوو. هەواندزی لەو وەڵامەی خۆیدا، بە شێوەیەکی بابەتیانە و مێژوویانە، وەڵامی نووسەری داوەتەوە و هەوڵی دەکاتەوە کە وانگۆ نەك ناوێکی زل نەبووە، بەڵکو بزووتنەوەیەکی گرنگی شیعریش بووە، کە لە سەردەمی هەڵکەوتننامەی یانزەی ئازاردا، کە قەناغێکی زێڕین و درەوشاوەی مێژووی کوردە، ڕاگەیەندراوە . وانگۆ کە لە سەر دەستی (جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی، شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێری، حوسێن عارف) ڕاگەیەندرا، توانی

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە سەر ئاستی فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگای کوردی بەنرخ ئاراوە و گۆڤاری تینک بە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی بدات، کە لە دوای گۆڤارانەوە بە خەیاڵەوە نەبینیبوو. ئەو فەزا سیاسییە ئازاد و کراوەیەی بە هەی ئاشتەوایی شۆڕشگێڕەوە هاتە ئاراوە، دەرفەتی لە بەردەم هزر و کارکردنی ئازاد و نوێگەریانە ڕەخساند، بە ئەوەی بیر لە گۆڤارێکی پیشەیی لە ئەزموونی شیعری کوردی لە دوای گۆڤارانەوە بکرێتەوە، بە ئەم مەبەستەش، ئەم پرۆژە ئەدەبیە، توانیان مانفێستی ڕوانگە ڕابگەیەنن و بانگەشەی ئەو قۆناغە نوێترسەکان یەکگرن بکەن. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا، ڕوانگە توانی نەوەندی ئەدەبی کوردی، بە دیالێکتی هزریی و ڕەخنەیی دەوڵەمەندتر بکات، بە جۆرێک کە بە درێژایی سێ ساڵ، ئەو گفتوگۆیانە بەردەوامیان لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەبوو. سەدیق ڕەوەندزی لە کتێبەکەیدا، کە پشتی بە پەنجا و یەک سەرچاوە بەستووە، بە وردی باس لە کاریگەریەتی ڕوانگە و ئەو بزووتنەوە زەینیە دەکات و ڕووبەڕووبوونەوە کە ڕوانگە دژی وێران نەبووە، وەک ئەوەی عەبدوڵاعەباس لە کێنەوە قۆڵەوە دەیڕوانێتە، بە پێچەوانەوە بەرگری گۆڤارێکی جۆریش بوو، لە مێژووی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیدا و توانی شاعیرێکی وەک شەرکە بکەس و چیڕۆکنووسێکی داهێنەری وەک حوسێن عارف دروست بکات. نووسەر لە کتێبەکەیدا، وەڵامی هەموو ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی عەبدوڵاعەباسی داوەتەوە و بە بەرگە درێدەخات کە ناوبردنی ڕوانگە بە دژی وێران، هیچ ئەرگومێنتێکی مێژووییی و بابەتی نییە و بەڵکو چونکە خەی بەشێک نەبووە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، ئیدی دوای پێنجا ساڵ دیمەنێت ئەو مێژووە لینگاو قوچ بکاتەوە و بە ئارەزووی خەی بینووسێتەوە، بە تایبەتیش کە دەزانێت بە داخەوە چەوار لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە مردوون و لە ژیان نەماون، تاکو بەرگری لە خەیان بکەن . بەیە بە هیچ پاساوێک نابە بەرگە بدرێت، کەسانێک دەستکاری مێژوو لە بەرژەوەندی خۆ بە پاڵەوانکردنی خەیان بکەن. لەو سەنگەیشەوە وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتییەکی مێژووییی و فەرهەنگی، ئەمە بەو کتێبە وەڵامی کتێبەکەی عەبدوڵا عەباسمان داوەتەوە. شایەنی ئاماژەکردنە سەدیق سەعید ڕەوەندزی، لە ساڵی 1972 لە شارچکەی ڕەوەندز لە دایک بووە، دەرچووی بەشی کوردی پەیمانگای مامۆستایانی هەولێرەوە ئێستا لە گوندێکی سنووری ڕەوەندز، وانە بە منداڵە چاوگەشەکان دەڵێتەوە و خاوەنی هەڤدە کتێبی چاپکراوەوکتێبێکی دیکەشی لە بارەی شەوی یەلدا ئامادەیە و خوا یاربێت لەو بەروارەدا بەاو دەبێتەوە، کە تیایدا نووسەر لەو کتێبەشدا بە بەرگە دیسلەمنێت شیعری شەوی یەلدا هی نالییە و هیچ پەیوەندی بە مستەفا بەگی کوردییەوە نییە.



هۆی ئاسنینی: چاودێری کۆمەڵایەتیی / پاشکۆی پەروەردە / خێیەتیی پەروەردەی سڵەمانی.. نەوزاد بەندی

دیستێیفسکی ئەڵێ : (ئەژگارێک دەت ، قەدەغەیە داناکان بیر بکەنەوە بە ئەوەی گەمژە دەسەڵاتدارەکان هەست بە سوکایەتیی نەکەن).

کاتێ منەڵکی کەمتوانات هەیە و ئەتوانێ مەتەسانەی چاودێریکردنی بە تازە بکەیتەوە و مامەڵەکانی بەرەوبەرایەتیی چاودێری و لێژنەی پزیشکیی و بەرەوبەرایەتیی چاودێریت تەواو کردووە ، ئیتر لە هەوڵەر بیت یان دهۆک یان هەڵەبجە یان سڵەمانی ، هەر هەمان سیستەم ..
نووسراوێکت بە ئەکەن ئەبێ بچیت بە وەزارەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی ، لە هەوڵەر ، لە بەرامبەر بەنزینخانەی شەش ، کن نەخشەی لە دایکبوون ..

سەعات سێ و نیوی بەیانی لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر دەرچووین ، ووتمان کات وەک شمشێر وایە ، پێش ئەوەی بمانبڕێ با بیبینین .. پێش وەخت گەیشتین ، واتا کاتمان بەی ، هەر بۆیە لە چایخانەی کلتوری باوکی سامی ، لە بەرامبەر قەڵا ، وچانێکمان دا و ..قەیماغ و چایەکمان بە یادی ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابوردوو ، داوا کرد .. کە گەیشتینە وەزارەتی چاودێریی کۆمەڵایەتیی ، کن نەخشانەی لە دایکبووون ، بەرامبەر بەنزینخانەی شەش (ئەڕە هاوڕێیان ئایا ئەگونجێ نەخشانەی لە دایکبووون ، بەرامبەر بەنزینخانە بێت ؟) سەعات هەشت و نیو گەیشتین ، پرسگە ، پۆلیسێک و دوو کارمەند و دوو سپلیتی فەنکی لە بوون ، ووتیان سەعات 9 فەرمانبەرکان دێن ، بفەرموون دانیشن .. سێ چارەک لە پرسگە دانیشتین ، هەتا کارمەندکانی وەزارەت هاتن ، واتا سەعات 9:30 بوو ، کە بانگیان کردم ، ووتیان کوا مندااڵەکەت ؟ ووتم ئەتیزمێ و بێ سەفەر تێک ئەچێت و نایەت ..
ووتیان خەڵا بە قیدیە کۆنی مەسنجەر ، پیشانمان بدە با خۆی و داکیشی ببینین ، ووتم سێ پسپۆڕیی دەرووونیی لە سلێمانیی بینیویانە ، ئاپەرتەکەیان ئیمزا و مۆر کردووە ، هەشتا بۆوا ناکەن ؟ یان دوو ئیدارییە و تەسقاڵێک متمانەتان لە نەواندا نەماوە ؟
کابرا وەک ڕەبەت وا بوو ، دووبارەی کردەوە کە ئەبێ قیدیەکۆنی مەسنجەر بکەمەوە ..منیش وەک ڕەبەت قیدیە کۆنی مەسنجەرم کردەوە و ..کوڕە کەمتواناکەم و دایکی قسەیان لەگەڵ کرد ، لە کاتێکدا ئەوان قسەیان ئەکرد ، کابرا بەروارەی وێنەی کوڕەکەم و دایکی لەسەر ئاپەرتەکە و .. وێنەکانیان لە مەسنجەرکە ئەکرد ، بزانێ ئەوانن یان ئەوان نین ..بەو جۆرە هەستم ئەکرد تاوانبارێکی تۆزویرچیم و ئەمەوێ بە کونتڕۆڵدا تێپەڕم ، ئەم پسپۆڕیی دەرووونییەیش تەنها پۆلیسێکە و ئەیەوێ ڕاستی و دروستیی مامەڵەکەم چەک بکا و بس .. سێ پسپۆڕیی سلێمانی وەک سێ گەمانلێکراو تەماشا ئەکات و بس .. باوکێکی بادینانیی لە دهۆکەوە هاتبوو ، داوای قیدیەکۆنی مەسنجەریان لێدەکرد هەتا منااڵە نەخشەکەی و دایکەکەی ببینن ،ئەویش ئەیوت : (سەیدا بخودێ چ ئینتەرنێت لە مالا من نینە !) بە کۆنتڕۆڵا تێپەڕین و ئەمجارەیان نووسراوەکیان بە کردین ،بە وەزارەتی پەروەردە و وتیان لە جادەی سەد مەتریە ..
هاتینە دەرەوە ، تەکسیەکمان ڕاوەستاند ، ووتمان بەڕێ بە وەزارەتی پەروەردە لە شەقامی سەدی ..
شۆفێرەکە ووتی : من وەزارەت بزانم لە شەستیە ..
ووتمان لەی نازانیت ، خوات لەگەڵ ..
تەکسیەکی ترمان گرت ، ئەمیان لەبەبان بوو ، ووتمان : ڕەک بێ

وەزارەتی پەروەردە لە سەدیی
ووتی : لە شەستییە
ووتمان : لە سەدییە
ووتی : لە شەستییە
ووتمان : لە سەدییە ..
ووتی : سەرکەون ، ئەتانبەم پەرلەمان لە شەستی ، ئەگەر لەوێندەر نەبوو ، ئەتانبەم بە سەدی و سەد و بیستی و لە هەرکوێ ئەوە دەڕن.
قسەی ئەو دەرچوو ، لە شەستی بوو لە بینای پەرلەمان ..
لە ژووری هاتوو ، خاتوونێک ووتی بۆن دانیشن ، دە کەس لە پشتانەوەیە ..ئێستا لەسەر سیستم ئۆپین و کاتی دەوێ ..
دوای زیاتر لە سێ چارەک ، ئینجا بە ژمارەیەک شاد بووین کە خستیە سەر نووسراوی وەزارەتی کن نەخشخانەی لە دایک بوون ، بەرامبەر بەنزینخانە ..
خاتوونەکە ووتی ئەو نووسراوە فۆتۆکۆپی بکە و بچە بە پاشکۆی پەروەردە ..
ووتم لە کوێیە ؟
ووتی لە حەوشە ..
چوومە حەوشە ، هیچم نەبینی لەی نووسرا بە پاشکۆی پەروەردە ..
بە پیرە مەردەکی باخەوانم ووت : پاشکۆی پەروەردە لە کوێیە ؟
ووتی : هەردەمێی .. هەر دەمێی ، بە ئاستێی هەتاو هەر دەمێی ..هەتا دەیگەیتە ..
حەکایەتی کوڵە کچەم بیر کەوتەوە کە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بەناو دەندە و ئۆژدیها و شتا ڕۆیشت ..
نزیکەی کیلەمەترێک بە حەوشەی پڕچا و پڕچ و پە لە پلیکانە و لەریە لم و چەو و بلەکدا ، بە پلەی گەرمای 48 ی سیلیزیی ، ڕۆیشتم ، هەتا گەیشتمە پاشکۆی پەروەردە ، پرسگە و فەنکایی و پلیس و ..(بەهار و گوڵ ، کچ و مانگەشەو ، شیعری تۆ و بادە)★
جا چوومە ژوور ، کەوتمە نەوانی دوو بینای بەرامبەر یەکتر ..
چوومە یەکەمیان ، گوتیان دووەم ، چوومە دووەمیان ، دیسان پرسگە و کارمەند و فەنکایی .. ووتی کن کاک یوسفی ..
کاک یوسف ، چایی و چار جار نوقوڵ لەسەر مێزەکەی بوون ، تەبعەن بە خێی ، یەک تەماشای نووسراوی سەر کەمپیوتەرەکەی کرد و ..گوتی بۆ بە بینای یەکەم با ئۆژوان کیتابت لە بکا ..ئەوا بۆم نارد ..
چووم بۆ لای ئۆژوان ، ووتم کیتابم گەیشتە کەمپیوتەرەکەت ..
خوا هۆناگرە داینیشاندم و جگەرەکەی پێ نەکرد و چایەکەی نەخواردەوە ، تەماشای کەمپیوتەرەکەی کرد و گوتی : بڕۆ ..گەیشتیە ، ئێستا لێت دەکەم .

پاش کەم ، ووتی ئەوا ناردم لە کەمپیوتەری مدیری پاشکەی ، بۆ بینای دووەم ..
چووم بۆ بینای دووەم ، خاتونی سکرتێر و فەنکایی و خۆکی گرنگ VIP لە ڕیسەپشنی بۆوەبەری پاشکە دانیشتبوون ، پێم ووت کیتابم نەردراوە بۆ کەمپیوتەری بۆوەبەری پاشکە ..
ووتی : بۆ لە ژووری کارزان دانیشە ، کیتابت دەچتە کنە وی .
ژووری کارزانم دەزیەوە ، دوو کورسی لە بوو بە هاووڕاتیان ، بۆیام سێ کارمەند کورسی و مێزیان هەبوو ، تەماشای یەکتریان ئەکرد ..
لەو چرکەیەدا ، کابرا دەشتەکیەکەی چیرکی دادگای فرانز کافکام بیر کەوتەوە ، کاتێک ساڵەهای ساڵ لە بەردەرگای دادگا ڕایدەوەستێنن و ناهێڵن بچێتە ژوور ، هەتا کاتی مردنی دێت و لەسەرمەرگدا لە پاسەوانەکەی بەردەرگا ئەپرسێ : باشە ئایا ئەو هەموو ساڵە بەجگێ لە من کەسێکی تر پەویستی بە دادگا نەبوو ؟ چونکە بەجگێ لە خۆم کەسی ترم نەبینی ..
پاسەوانەکە پێی ئەڵێ : بۆیە ، زۆر کەس هاتوونەتە دادگا بەڵام ئەم دەرگایە تایبەتە بە تۆ !!
بە کارزانم ووت : ئەڕۆ بە زەحمەت من کیلۆمەترێکم بەناو بڕد و بلێک و گۆ و چیمەنا بڕیوە لە وەزارەتەوە تا پاشکە ، بە بە ئەوەی هیچ نووسراوێکم پێ بێت ، تەنها ئەم کەمپیوتەر و ئەو کەمپیوتەرتان پێکردووم ، ئەڕۆ نادەکرا بە بە خۆم ئەو کارانە ئەنجام بدەن ؟ یان هەر مەبەستتان ماندوو کردنی هاووڕاتییە ؟ خۆ ئەگەر چەند تەکسییەکتان لەو ڕێیەدا دایە ، هەم تەزە بکاریتان قاچاغ ئەکرد ، هەم خۆکێک کە ناتوانن لە پلەی 48 ی سەدیدا ئەو ماراسۆنە بکەن ، ڕزگاریان دەبوو ..
کارزان تەماشایەکی ئامادەبووانی کرد و ..ووتی : ئەوە بە خۆتان حەزتان لەو هات و چۆیە!! ، ئەگینا لە پێجی وەزارەت کارکان هەموو جێبەجێ دەبن !! و دەتوانن لە ڕێی پێجەوە مامۆستاکانتان وەربگرنەوە ..!!
ووتم : زەحمەت نەبێ ئاگات لە خۆتە ؟ یەعنی ئەمە لە خەمانەوە هاتووین بۆ هەولێر یان لە سلێمانی و دهۆک و هەولێر بەجێوە باوشێک نووسراویان داوێنەتە دەست و وتویانە بۆن بۆ هەولێر ؟
براکەم تۆ یان ئاگات لە وەزعەکە نییە ، یان ئەتەوە وای نیشان بدەیت کە سیستمەکەت ئەوروپییە ، ئەگینا بۆ تەماشا بکە ، باوکێک لە هەوراماندا خۆی و کوڕێ ئەتیزمەکەی کە بەردەوام ئەگریا ئەو هەموو ڕۆژیان بۆی بوو ، کە بە قسەی تۆ بە خۆیان حەزیان لەو عەزابەیە ؟؟


کارزان بە گۆشەی سەد و هەشتا بایدایەوە و ووتی : ئەو قسانە بە وەزیر بکە !
ووتم : نەوەڵا ، وەزیر وەک کەشکەکەی کافکا وایە ، پێی ناگەم و نایشمەوە پێی بگەم ..بەڵام من ڕۆژنامە نووسم ، ئەم ژیانکوشتنەی خەزانی منا ڕۆ کەمئەدامەکان ئەکەم بە ووتارێک ..
ووتی : دەزانم ، ڕۆژنامە نووس بەڵک حەزیان بە جولە جولە !
ئیتر نازانم جولە جول مەبەستی یەکەی هەزی جول بوو ، یان مەبەستی لە جولە جوە بوو ..کارمەندەکان هەموویان بە زمانی جەستە پشتگیرییان لەکردم ، لەو کاتەدا کارزان ووتی ئەوا مامۆستەکەتم نارد بە بەشی دەرکردەکان واتا (صادرة)
ئینجا وەرە کیلەمەترێک ڕێگای تر بە پیادە ببڕەوە هەتا ئەگەیتەوە وەزارەت ..
کە ڕۆیشتم بە بەشی دەرکردەکان لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە زەربەی پەکهاتەکانی کوردستان ئەیانویست سەریان ببڕن ژوورەوە تا سەراخێکی نووسراوە ئەلیکترۆنییەکانیان بکەن .. سەکسوکە بە چناگەیەک زەر خراپ تەماشای کردم کە زەر شتی بە دەست بوو ، ووتی کیتابی تە چییە ؟ بە جەرەک پێی ووتم ، لە بیرم چوە کیتابی من بە چ شتێکە و .. یان ئەسەن بەچی هاتووم بە پیرە هەولێرە ..
خاتوونێک ، لە ساتەوەختی چوونە دەرەوەی ئەبو سەکسوکەکەدا بە لای هەندە خزمی خانەقینیی هەتا کارەکانیان بە ڕایی بکا ، خاتوونەکی سەر کەمپیوتەر ووتی ئەم مامۆستەکەی تەیە ، ئەوە ژمارە و بەروارەکەیت بە ئەنووسم و هەر ئێستا ئەینێرم بە بەڵەوبەرایەتیی سلەمانی لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە ، سبەینە بەن سەردانی پەروەردەی گشتی سلەمانی بکەن ..
گەلێک سوپاسم کرد و ..لەسەر پارچە قازە ژمارەیەک و بەروارەکەی دا بە دەستەوە ..
ئەمڕۆ ، سەعات هەشت و نیو چووم بە پەروەردەی گشتی سلەمانی ، بەشی کەمپیوتەر نووسراوەکەی بە ڕاکەشام و ناردینی بە لای بەڵەوبەر ..
لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو ، هاووڵاتی بەڕێز پێویست بە پرسگە و لە دەرگادان ناکات ، ڕاستەوخۆ وەرە ژوورەوە ، دەرگامان کراوەیە بە هەموان .. کەچی دوو سکرتێری هەبوو ، دەرگاکەیشی داخرابوو ..
نووسراوەکەی بردە ژوورەوە و ..ووتی بیبە بە ژووری 20 لەپرسراوی خەیتیی .. کە چووم ، چوار کەس ڕاوەستابوون ، ووتیان هەشتا لەپرسراوی خەیتیی نەهاتوە .. بە کارمەندەکی ژوورەکەی بڵامبەریم ووت : ئەم لەپرسراوە کەی دێت ؟
وتی : عادەتەن سەعات 9 دێت ..
بوو بە نۆ و چارەک هەر دیار نەبوو ، ژمارەی هاووڵاتیانیش لەبەر

دەرگاکەیدا بوون بە دە دوانزە کەس ..
لە ئەی کارمەندەکەو بەم دەرکەوت لە ژووری بەڕێوەبەری گشتییە ..
ویستم بچمە ژوورەوە ، سکرتێرەکە نەیهێشت ، لە پشت ئەو نووسراوەی
کە ئاماژەی بەوە دەدا بە بە دەرگا لێدان وەرە ژوورەوە ، دەرگا
کراوەیە ..
ووتم بە لێپرسراوی خەیاتیی بەڕێت بە ژوورەکەی چونکە یەک دنیا
خەڵک لە بەردەرگاکەی وەستاون ، هیچ جێگرەکی نییە کارەکەی بکات و
خەیشی نایەت ..مامۆستای وای تەدایە ئەبە هەر ئەمڕۆ بەوات بە
هەولێر..
وتی : بەسەر چاو ..
(دڕیشی کرد ..)
هاتمە خوارەوە ، ژمارەی خەڵکانی بەردەرگاکەی زیاتر بووبوون ، خەم
کرد بە ژوورەکەی تەنیشتیدا ، ووتم لێپرسراوی خەیاتی نایەت ، نوکە
قەڵەمێک لەو نووسراوە بدە ..
وتی ئاگەر تا سەعات نۆ و نیو نەهات ، ئینجا من بەتان ئەکەم !!
پیرەپیاوێک کە دەبوو پاش ئیمزای خەیاتیی ، یەکسەر بەوات بە
هەولێر ، مامۆستای خەی وەرگرتەوە و ..بەرەو ژووری بەڕێوەبەر ڕەیشت
، بەکو لەوە ئیمزای پێ بکا ، بە ڕاکردن هاتەوە ووتیان لە ژووری
بەڕێوەبەر دەرچووە .. هاووڵاتییەکی تر ووتی : ئەڕۆن خەی کردووە
بە ژوورەکەی بەرامبەر ژوورەکەی بەڕێوەبەردا .. دووان خەیان کرد
بە ژوورەکەی بەرامبەر ژوورەکەی بەڕێوەبەردا و پرسیاریان کرد
سەبارەت لێپرسراوی بەشی خەیاتیی ، ووتیان هەر ئێستا لێرە دەرچوو
، ڕاستەکەی بە پێکەنینیشەوە وایان ووت ، وەک ئەوەی ئەم گەڕان و
سەر و سەراخەی هاووڵاتیانی بەش مەینەت ،بە خاتونی خەیاتیی ،
ڕەژانە بە و .. وەک گەڕانەکانی کافکا و مارسیل بروست و جەبرا
ئیبراهیم جەبرا و ، بە سەگ و کات و وەلید مەسعود ، وابە ..
لە ناکاو ، دوای سەعات نۆ و نیو ، خاتونی لێپرسراوی خەیاتی ، بە
کاوخە و کەمالی ئیسراحەتەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارەوە و چووە
ژوورەکەیەوە ، ژووری 20 ، ئەو خەڵکەیش کە لە غیابی ئەودا سەدان
ڕەخنە و ناڕەزایان هەبوو تەکەا بوون بە ماستی مەییو و ..کەوتنە
نیشاندانی ڕەز و زەردەخەنە بۆی .. تەنها من پێم ووت : ئاگەر تە
سەعات نۆ و نیو دەیت بە دەوام ، کەسێک لە جێی خەت دابنێ ، ئەو
خەڵکە سەعاتەکە چاوەڕوانی تە دەکەن ..تیایاندایە مندالی نەخۆشی
داناوە و ئەبە بچێ بە وەزارەت لە هەولێر ..
وەک ئەوەی ناحەقییەکی گەورەی لێکرابێ ، بە سەرسوڕمانەوە ووتی :
سەد کێشەمان هەیە ، لە ژووری مدیر خەریکی حەل کردنیان بووم ،
مامۆستا بە ئەوەندە بە وەفان ؟ شەو هەتا سەعات دوانزەی شەو

خەریکی ئیمزا کردنی کیتاب بووم ..من لە ماڵیشەوە ئیسراحەتم نییە !!
ووتم : ئەستا سەعاتەکە .. یەک سەعاتی تەکە ژوورەکەی تە چڕۆ و ئەو هەموو خەڵکە چاوەڕێی نوکە قەڵەمکەی تە دەکەن ،ئەمە ئیشە ،استقینەکەی تایە کە نایکەیت و چڕۆت کردووە .. سەعاتێک زۆرە لە تەمەنی ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا خەسار بکەیت ..کەسێک . جگەرەویەک بە خەت دابنە ، ئیتر حەز ئەکەی هەر مەیرەوە بە ژوورەکەت ..
ئینجا من ماماستا نیم و لە خستەخانە کارئەکەم ، نەمزانی ئیمزایەک دوو سەعاتی پە ئەچە ، ئەستا بەهەی جنابتەوە بردەرگای ، لەوە ژوورەکەی منیش پە پەن لە نەخۆش ، بەڵام من جگرەوەم لە جی خەم داناوە ..ەڵز لە کاتی هاووڵاتیی ئەگرم ..
تەماشا ئەکەم یەک کەس لەو خەڵکە دەردەدارە نوزەی لەوە نایەت ..
کە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە ، بە یەکەکیانم ووت : باشە ئەوە لە بیانییەوە خوتە و بەڵتانە ، بۆچی کەسەکتان یەک قسە و ڕەخنەتان لە خاتوونی لێپرسراوی خۆیی نەگرت ؟ کاکە قەینا ، گریمان لەو کاتەدا لە ترساندا لاە بوون ، بۆچی بە لایەنی کەمەوە سەرکتان بە من نەلەقاند ؟؟وەڵاهیی ناتانکوژن ، وەڵاهیی ناتانبەن …هەر لەم ژیانە خۆشتان !! بەردەوام ئەبن ..
ووتی : کاکە گیان 30 ساڵە ئەمە فەری کەیلایەتیی ئەکرێین ، کە بچووکترین لێپرسراو ببینین ، زمان و عەقڵ و هەموو شتەکمان جام ئەبە و لە کار ئەکەوە !!
ئاستە ، ئەوە گەر ئازادی وەک بارانیش ببارێت ، یەکسەر چترەکانتان هەڵدەدەن
هاونیشتمانیان ، مەڵێن جا قەیچەکا با سەعاتێک چاوەڕوانی ئیمزای خاتوونی لێپرسراوی خۆیتیی بکەین .. چونکە ئەگەر ئەو سەعات و ڕۆژ و هەفتانەی لە چاوەڕوانی ئەماندا بەسەرتان بردووە ، کە بکەنەوە ، بۆتان دەردەکەوە بەشکی زۆری تەمەنتان بە خەڵایی و بە هەرزان لە دەست چووە .. کەشکەیش لەوەدایە ، هەشتا ئەوان ناڵازین و تە سوپاسگوزاریت . .
واتا وەک دیستەیقسکی ئەڵێت بە ئەوەی خۆتان ئاگادار بن ، نەژیاون و ئەیشبە بمرن.

ڕۆمانی نانای ئەمیل زۆلا بە کوردی بەناوکرایەوە

ڕۆمانی نانا لە نووسینی نووسەری ناسراوی فەرەنسا ئەمیل زۆلا - یە، لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ ئەردەڵان عەبدوڵاوە کراوە بە کوردی.
ڕۆمانی نانا بە یەکێك لە شاکارە کلاسیکییەکانی ئەدەبی فەرەنسی و ناسراوترین ڕۆمانی ئەمیل زۆلا دادەنرێت، زۆلا گرنگترین ڕۆماننووسی بزووتنەوەی ناتورالیزمی فەرەنسی و فیگۆرێکی سەرەکی ئازادیخوازیی سیاسیی فەرەنسییە. ڕۆمانەکە هەوە دەدات ژیانی شارنشینیی پاریس و کێشوهەوای سیاسی و هونەریی فەرەنسای سەدەی نۆزدەهەم وەنا بکات، هەروەها دووڕوویی کۆمەڵگە، چاوچنۆکی و چەسپیی چینی تازەدەرکەوتووی بۆرژوا دەردەخات.
هەروەها نووسەر لەم ڕۆمانەیدا، کۆمەڵێك پرسی گرنگی تری وروژاندووە لەوانە:(ژیانی لەشفرۆشانی پاریس، خۆشەویستی، خیانەت، ئۆپەرێیی پێبرد، ڕق و کینە، ڕەوشی سیاسی فەرەنسا و داگیرکاری ئەڵمانیا، ژیانی فەرهەنگی فەرەنسا لە سەدەی نۆزدە، شانۆ)
جگەلەوەش باسی کۆمەڵێك کێسایەتی جیهانیش دەکات بەتایبەتی (بیسمارك یەکەم ڕاوێژکاری دەوڵەتی ئەڵمانیای یەکگرتووە، شای ئۆران و پادشای ئیتالیا) جگە لە کۆمەڵێك پرسی گرنگی تریش هەموو ئەمانەش هێزی گەورەی بەم ڕۆمانە بەخشیوە وایکردووە ببێتە مایەی گرنگی پێدانی تەواوی ئەدیبانی فەرەنسی و جیهانیش.
ڕۆمانی نانا ساڵی 1880 بە یەکەمجار چاپ بوو، دەنگدانەوەی بەهێزی هەبوو، 55 هەزار نوسخەی لە چاپ بووە. ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لە زنجیرە ڕۆمانەکانی زۆلا کە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆگون ماکوار Les Rougon Macquart) نووسیویەتی. نانا نۆیەمین ژمارەی ئەو زنجیرەیە وەردەگرێت.
ئەم کتێبە لەلایەن ناوەندی ڕۆمان لە سلێمانی چاپکراوە، کتێبەکی قەبارە مام ناوەندە و لە 315 لاپەڕە پێکدێت.



ئۆپزسیۆنی پۆپۆلیست و هەڵبژاردنەکان لە کوردستان.. زانا رەزاق

گەورەترین مەترسی لەسەر کەمەگا هەبەت ئۆپۆزسیۆنە، بۆچی؟ چونکە..

یەکەم، زۆرێک لەو کەسانەی چوونەتە ناو ئۆپۆزسیۆن بە پارەن ، ئەمانە کەمەک مرۆڤن بەدوای حەزو چێژەکان کەوتوون ، پارەش وەکو ئامرازێک بەکاردێنن.

دووەم، هیچ پڕۆژەیەکیان نیە بۆ ئاوەی ببنە بدیل.

سێیەم، هیچ ڕەخنەیەکیان قبوڵ نیە لەکاتێکدا سەدان ڕەخنەش دەگرن، لەجیاتی ئاوەی بۆن بباشە بۆن باش، بۆخراپە بۆن خراپ. هاتوون هەموو شت ڕەتدەکەنەوە، ئەمەش زۆر مەترسیدارە لەووی سیاسییەوە

هیچ پشکوتنکیش لسایی ئم جرڕ بیرکردنوەیە جکوتە نابێت.

چوارەم، ئەپەزسیونکی پەپلیستین، کەمێک شت دەڵێن کە بۆای ئەوان کە دەستەبات وەربگرن کوردستان دەبێتە بەهەشت لەکاتکدا گەڵانکاری و بڕەو پشچوون پەسەیە هەروەها قناغ بەقناغیش نەک بەدووڕ یان سەڕ کەمگە لەی کەمێک شیعاراتی ئیحساساتییەوە ببێتە شامی شریف.